www.kurdistannet.org
01/07/2003 22:51

# با جارێکی دیکە
# بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دابچینەوە

**بەشی یەکەم**

## سەرۆ قادر

ئێمەی خەڵکی کوردستان بۆمان هەیە هەڵوێستەیەکی جدی لەسەر چۆنیەتی دامەزرانی دەوڵەتی عێراقی بکەین، ئەو دەوڵەتەی دوای ساڵی ١٩١٨ بەدەستی ئینگلیزان لەسەر کەلاوەکانی ئەمپڕاتۆریی عوسمانی دامەزرا. هەروەها بۆمان هەیە ئەو مافەی خۆمان لە دارشتنەوەی دەوڵەتی عێراقی دووەمدا مارەسە بکەین کە دەبێ عێراقی ئایندە چتۆ دەوڵەتێك و بەپێی کام سیستەمە بەڕێوەبچێت تاکو جێی ئێمەی تێدا ببێتەوە.

وەك دیارە ئێستا دەوڵەتی عێراق لێکهەڵوەشاوەو شتێکیش بەناوی حکومەتی مەرکەزیی ئەم وڵاتە وجودی نیە. ئێمەی خەڵکی کوردستان لەم لێکهەڵوەشانە خۆشحاڵین و بۆ هاتنەدیشی گومانمان لە چوونە ناو ئەو هاوپەیمانیە نێودەوڵتیە نەکرد کە ئەرکی لەناوبردنی دەوڵەتی عێراقی خستبووە سەرشانی خۆی. کاتێکیش کە ئەم دەوڵەتە لەبەریەك ترازا حکومەتی کوردان کە دوانزە ساڵ تەمەنی بوو لەرزەیەکی تێنەکەوت. ئەمەش وادەگەیەنێ کە سیستەمی ئێمە هیچ پەیوەندییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە حکومەتی عێراقەوە نەمابوو، ئەوەندە نەبێ کە دەبوا هەمیشە لەناو سەنگەری سوپایی و دیپلۆماسی دابین تاکو خۆمان لە بەڵای حکومەتی عێراق بپارێزین. لە واقیعی عەمەلیدا لەم ناوچەیە دوو سیستەمی لە ناوەرۆکدا لێکدی جیاواز دەژیان کە لە هەر یەکەیاندا نەتەوەیەك دەژیا و سیستەمی سیاسی تایبەت بەخۆیان هەبوو؛ عێراقێکی دیکتاتۆریی فاشی و کوردستانێکی دیموکراتی فرەیی.

ئەو هۆکارە دەبێتە جێی پرسیار کە ئەم دوو پارچەیەی عێراقی هێندە لێکدی دوور راگرتووە. بۆ؟

کاتێك هەردوو وڵاتی کۆلۆنیالی بریتانیا و فەرەنسا پاشماوەکانی ئەمپراتۆریی عوسمانیان دابەشی، بەرژەوەندییەکانی ئەوسایان و ستراتیژییان بۆ مانەوەی درێژخایەنیان لە رۆژهەلات بووە بنەمای تێڕوانینیان بۆ دیاریکردنی سنووری هەر دەوڵەتێکی تازەی دەستکردیان. هەر ئەو ستراتیژییەو سیاسەتە لێهەڵێنجراوەکانی دوایی ئەو، تاوانباری سەرەکین لە پشتگوێ خستنی خواستەکانی میللەتێکی گەورەی وەك کوردان. دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار پارچەدا و بۆ چوار دەوڵەتی دراوسێی خاوەن کێشەی مێژوویی لەگەڵ هەڤ، دۆزی کوردانی خستە ناو هاوکێشەیەکی هێندە ئاڵۆزەوە کە ئەوە بۆ سەدەیەك دەچێ لێی قورتار نابن. ئەو هاوکێشەیە لە بارانیدا هەیە بەردەوام بەرژەوەندییە جیهانیەکانی زلهێزەکان دابین بکات یان بەپێچەوانەوە بیانخاتە مەترسییەوە. ئێستا چوکلەیەکی بەهێزی ئەم هاوکێشەیە لێکهەڵوەشاوە کە دەوڵەتی عێراقە. لەوێدا کوردستان بۆ ماوەی دوانزدە ساڵە حکومەتێکی میللی پێکهێناوەو خۆی بەڕێوەدەبات. میللەتی ئێمە حەقیەتی نیگەران بێت داخوا ئایندەی حکومەتەکەی چی دەبێ؟

میللەتی کورد هیچ کاتێك بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکێندرانی پێیەوە خۆشحاڵ نەبووە. لەوەتای عێراق دامەزراوە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە خەبات دایە بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی کوردان. دوای ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق بووە واقیعێکی سەپێندراو، خواستەکانی کوردستان قۆناغ دوای قۆناغ واقیعبینێتی بەسەردا زاڵ دەبوو، لە بریدا تەنازولی لە مافە نەتەوەییە نەگۆڕەکانی دەکرد کە رووی لە سەربەخۆیی دابوو. هەڵبەت پەیدابوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەب و پەرەسەندنی لاباڵی دیموکراتخواز لە ناویاندا بەتایبەتی فکری شیوعی (کۆمۆنیست) لە بە ئایدیۆلۆژیی کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کاریگەر بوون. هەڵبەت نامەوێ باسیش لە کارتێکردنی کێشەی نێوان سۆڤیەت و رۆژاوا بکەم کە دۆزەکانی دنیایان خستبووە ناو بلوکبەندیەکی حەتمی کە نەدەکرا کورد لێی بەدەر بن.

لەو ماوە دوورودرێژەی کە هەشتا ساڵی خایاند زۆربەی لاباڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی هاتنەسەر کارو نەیانتوانی مامەڵەیەکی عادیلانە لەگەڵ دۆزی کوردستان بکەن. ئەگەر لەبەرچاویشمان بێت کە فکری ناسیۆنالیستی عەرەب نەك هەر لە عێراق بەڵکو لە هەموو جیهانی عەرەبدا نەکاریا چارەسەرێك پێشکەش بکات. سەرەنجام نوکە بووەتە مەکۆی دالدەدانی توندڕۆیی و

www.kurdistannet.org
01/07/2003 22:51

بەرەنگاربـوونەوەی شارسـتانیەت. لێـرەدا نیگەرانـی کـوردان لـە بەشـی عێـراقدا مەعقەلـیەت وەردەگـرێ کـە هـیچ تـەمایان بـە دانپێداهێنانی رای گشتی سیاسی و دینی عەرەب نەبێت بە چەشنێك کە خواستە میللیەکانیان دابین بکات.

بەشی کوردان لە مێژووی عێراقدا تەنیا بەرەنگاربوونەوەی ئەو جەنگانە بووە کە ئەو دەوڵەتە بەسەریدا سەپاندووە. بۆیە نابێ لـەناو پـەردەی دیپلۆماسـیدا ئەم راستیە بشاردرێتەوە کە کورد هیچ کاتێك رەفتاری هاولاّتیان لەلایەن عێراقەوە لەگەڵ نەکراوە تا ئێستا هەست بـە ئینتما بکەن و شانازی بە عێراقیەتی خۆیانەوە بکەن. ئەگەر دیقەت بکرێ دەردەکەوێ کە هەر ئەم لایەنە بوو وایکـرد کـورد زۆر بـە ئاسـانی هاوپەیمانیـی ئەمـریکاو بـریتانیا قـبوڵ بکـەن و لە رووخاندنی دەوڵەتی عێراق بەشدار بن. کەچی عەرەب تا ئێستاش دیفاعی لێدەکەن و رۆژ بەرۆژ شەری دژی ئەمریکا توندتر دەکەن.

ئـەم قسـەیە بـەو مانایـە نـیە کـە بایـەخ بـۆ تێگەیشتنی عەرەب سەبارەت بە دۆزی کوردستان نەدرێ. وەك دیارە کورد گرنگیەکی زۆر بـە رای گشـتی عـەرەب بەتایبەتـی عێـراق دەدات و بە هۆکارێکی کاریگەری دەزانێ. ئەوەی جێی سەرنجە عەرەب بۆخۆیان لە کێشەی دژی ئەمریکاو ناوخۆیی دان، بۆیە ناشێ دۆزی کوردستان بە کێشەکانی ئەوانەوە گرێ بدرێ. ئینجا تەرەفی قسەی کوردان بـە شێوەی سەرەکی ئەمریکایە چونکە ئەو فەرمانڕەوای ئەم دەوڵەتەیە و لەرووی قانونیشەوە جێگری دەوڵەتی پێشووی عێراقە. بـۆیە دەبـێ لـەم قـۆناغە بگـەین و کێشـەکەمان لەگـەڵ ئەمـریکا سـارد نەکەیـنەوەو لەسـەر خواسـتە نەتەوەیـیەکان سـوور بـین. پێشـمواپە نابـێ گـومانمان هەبـێ کـە کاربەدەسـتانی ئەمـریکا زۆر خـۆیان بـە تێگەیشـتنی کێشـەی نەتەوەیـی و ئامانجەکانـی لـە رۆژهەلاّتـی ناوەڕست و بەتایبەتـی لـە عێـراق مانـدو نەکـردووە، زیاتـر بـە سـەرکەوتنەکانیانەوە سەرمەسـتن کە لە عێراقدا بەو ئاسانیە بۆیان نەدەهاتەدی ئەگەر هاوکاری کوردستانیان نەبایە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**